# فەرهەنگی وشەی کۆردی - فینلاندی

## بواری سۆسیال

بەخشکەر:

دەزگای یارمەتی دەری کۆچبەرانی کەمئەندام هیلما

Vammaisfoorumi ry

www.tukikeskushilma.fi

چاپی پی دی ئف.

# پێشەکی

ئەم فەرهەنگی وشەیە چەندین وشەو دەستەواژەی بواری خزمە تی کۆمە ڵایە تی – سۆسیال دەگرێتە خۆی.

بواری سۆسیال بۆ نموونە کاری کەمئەندامان دەگرێتە خۆ.چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە بریتیە لە ڕاوێژکاری وخزمەتگوزاری.

ئەم فەرهەنگی وشەیە ئەو جۆرە وشەو دەستەواژانە دەگرێتە خۆ کە نەفەرەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی دەبنەوە. مەبەست لە چاودێریی کۆمەڵایەتی ئەو خزمەتانەیە کە بەپێی یاسا دانراون و شارەوانی بۆ خەڵکەکەی دابینی دەکات .کەوابێ ئەو خەڵکانەی کە لە شارێکدا دەژین نەفەری چاودێریی

کۆمەڵایەتین . بێجگە لەوەش چەند خزمەتگوزاریەکی تایبەتیش هە ن کە سەربە چاودێریی کۆمەڵایەتین، بۆ نموونە خزمەتی ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی سەخت کەمئەندامن، هەروەها زامنکردنی بژێوی واتە کۆمەکی پارە . لە زمانی فینلاندیدا جاری وا هەیە وشەیەك چەندین مانای هەیە یانی مانای وشەکە بەوە بەندە کە وشەکە لەچی حاڵەتێکدا بەکاردەهێنرێت .ئەگەر وشەیەك پەیوەندی بە بواری سۆسیالەوە نەبێت هەموو ماناکانی لەم فەرە هنگەدا نەنوسراوە.

بۆ نموونە وشەی– *hakea*: بە دەست هێنان چەندین مانای  هەیە شتێك بچیت بی هێنیت یان شتێك داوای بکەیت:

*مرۆڤ خواردەمەنی لە فرۆشگا دهە ێنێت.*

*مرۆڤ داوای یارمەتیی بژێوی دەکات.*

بەڵام لەم فەرهەنگەدا وشەی *hakea* مانای ئەوەیە کە خزمەتێك یان کۆمەکێك لە فەرمانگەیەك داوا بکەیت.

لە فەرهەنگەکەدا بۆ هەندێك حاڵەت نموونە هێنراوەتەوە. ئەوانەش بەشێوەیەکی جیاواز نوسراون، هە روەکو

ئەو نموونانەی لای سەرەوە.

لەوفەرهەنگەدا هەموو دەستەواژەکان بە وردی شی نەکراونەتەوە . زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو مەرجە جیاوازانەی کە پەیوەندییان بە جۆرە کۆمەکێکەوە هەبێت کە لێرەدا باسیان لەسەر نەکراوە . بۆ نموونە لە ڕێنمایيە ئاسانکراوەکانی تر و لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دەست دەکەون.

**aika – کات :**

کات یان بە مانای کاتژمێر دێت یانیش بەمانای زەمانێك کە شتێك تیایدا ڕوو دەدات.

**ajanvaraus – کات گرتن:**

هەرنەفەرێك پێشوەخت کاتێك دەگرێت بۆ چاوپێکەوتن، بۆ نموونە بە تەلەفۆن.

**vastaanottoaika – : کاتی پێشوازی**

کاتی پێشوازی ئەو کاتەیە کە نەفەرەکەو کارمەندە پیشەییەکە یەکتر دەبینن.

*<u>کاتی پێشوزایی دوکتۆر دووشەممە کاتژمێر ١٤-١٥</u>*

**AMMATTI – : پیشە**

پیشە ناوی کارە ، بۆ نمونە پیشەی پەرستاری یان پیشەی پاککەرەوە.

**ammattitutkinto – : بڕوانامەی پیشەیی**

بڕوانامەی پیشەیی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسە هونەرە پێویستەکانی پیشەیەك دەزانێت .بۆ بەدەستە ێنانی بڕوانامەی پیشەیی دەبێت ئەو کەسە لە خوێندنگەی پیشەیی بخوێنێت و پیشەیەك بەدەست بە ێنێت.

**APU – : یارمەتی**

یارمەتی بەمانای یارمەتیدان یان کۆمەك کردن دێت بۆ نموونە کەسێك یارمەتی دەدرێت بە هۆی نەخۆشیەکەوە.

**avustaa – : هاریکاری**

هاریکاری مانای ئەوەیە کە کەسێك یارمەتی کەسێکی تر بدات.

**avuntarve – : پێویستیی یارمەتی**

پێویستیی یارمەتی مانای ئەوەیە کە کەسیك پێویستی بە یارمەتی هە بێت، بۆ نموونە لە جموجۆڵدا.

**هەڵسەنگاندنی پێویستیی یارمەتی: – avuntarpeen arviointi**

کارمەندە پیشەییەکان هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو کەسە تا چی ڕادەیەك پێویستیی بە یارمەتی هەیە ، تاکو بتوانێت بە سەربەخۆیی ژیان بەسەر ببات.

**یارمەتیدەری شەخسی : – henkilökohtainen avustaja**

یارمەتیدەری شەخسی ئەو کەسەیە کە بۆ نموونە یارمەتی کەسێکی کەمئەندام ئەدات لە کاروبارەکانی ڕۆژانەدا، بۆ نموونە لە جموجۆڵدا.

**کەرەسەی یارمەتیدەر : – apuväline**

کەرەسەی یارمەتیدەرئەو کەرەسەیەیە کە یارمەتیدەر بۆ کەسێك، بۆ نموونە لە جموجۆڵدا.

*گۆچان کەرەسەی یارمەتیدەرە.*

**نەفەر : – ASIAKAS**

نەفەر ئەو کەسەیە کە خزمەت یان بەرهەم وەردەگرێت.کاتێك کە کەسێك بۆ نموونە دەچێت بۆ بنکەی تەندروستی،ئەوسا ئەو کەسە نەفەری بنکە تەندروستیەکەیە.

**بەڵگەنامە : – ASIAKIRJA (dokumentti)**

بەڵگەنامە بڕوانامەیەکی نوسراوە ، کە بڕیار یان فەرمان یان بابەتێکی تری فەرمانگەی تێدایە.

**مەرجی ماوەی نیشتەجێبوون : – ASUMISAIKAVAATIMUS**

مەبەست لە مەرجی ماوەی نیشتەجێبوون ئەوەیە کە ئەو کەسە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە فینلەندا نیشتەجێ بووبێت ئینجا مافی وەرگرتنی جۆرە یارمەتیەکی دەبێت. *کۆچبەرێك دەبێ سێ ساڵ لە فینلەندا ژیابێت ئینجا مافی وەرگرتنی کۆمەکی کەمئەندامیی دەبێت .*

**نوێنەر : – EDUSTAJA**

نوێنەر ئەو کەسەیە کە نوێنەرایەتی منداڵێکی تەمەن خوار هەژدە ساڵ دەکات، واتە کاروباری منداڵەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، وەکو کاروباری پارە و نیشتەجێبوون.

**EDUNVALVOJA – : چاودێری بەرژەوەندیەکان**

چاودێری بەرژەوەندییەکان ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتیی مافەکانی کەسێکی تر دەکات، ئەگەر ئەو کەسە خۆی توانای بەسەردا نەشکێت.

**ELÄKE – : خانەنشینی**

خانەنشینی کۆمەکی پارەیە، بۆ نموونە لەپاش ساڵانی کارکردندا. خانەنشینی کەسێك وەری دەگرێت کە بەهۆی بەساڵاچوون یان بەهۆی نەخۆشیەوە نەتوانێت کار بکات.

*کەسێك کە ئیتر کار نەکات خانەنشینە.*

**työeläke – : خانەنشینیی کار**

خانەنشینیی کار ئەو پارەیەیە کە لە ئەنجامی کارکردندا کۆدەبێتەوە و لە پاشان ساڵانی کارکردندا پێی دەدرێت.

**työkyvyttömyyseläke – : خانەنشینیی بێ توانایی کارکردن**

خانەنشینیی بێ توانایی کارکردن پارەیەکە بەکەسێك ئەدرێت کە بەهۆی نەخۆشیەوە یان ناساغیەوە ناتوانێت کار بکات.

**ELÄMÄNHALLINTA – : هە ڵسوڕاندنی ژیان**

مەبەست لە هە ڵسوڕاندنی ژیان ئەوەیە کە کەسێك بتوانێت ژیانی خۆی هە ڵسوڕێنێت و باشتری بکات.

**ERITYISOPPILAITOS – : دەزگای خوێندنی تایبەت**

دەزگای خوێندنی تایبەت ئەو خوێندنگایەیە کە بۆ ئەو خوێندکارانە دانراوە کە پێویستییان بە کۆمەکی زۆر هەیە. بۆ نموونە کەمئەندامە گەنجەکان دەتوانن لەوێ بخوێنن ویارمەتی و کۆمەکیان پێ دەدرێت.

**ESTEETTÖMYYS, ESTEETÖN – : بێ بەربەستی، بێ بەربەست**

مەبەست لە بێ بەربەستی ئەوەیەکە بەرهەمێك، خزمەتێك یان شوێنێك بە ئاسانی دەستی پێ بگات، تەنانەت کەمئەندامانیش بتوانن سوودی لێ وەربگرن .شوێنەکە ئەگەر بە ئاسانی بتوانیت بۆی بچیت واتا بێ بەربەستە

.

**HAKEA – : داوا پێشکەش کردن**

مەبەست لە داوا پێشکەش کردن ئەوەیە کە کەسێك داوای شتێك بکات، بۆ نموونە داوای خزمەت یان کۆمەك.

نەفەر دەتوانێت لە دەزگای خانەنشینی میللی – کێلا داوای کۆمەکی ئاوێتە بوونی ناو کۆمە ڵگا بکات.

**hakemus – : داوانامە**

داوانامە ئەو بەڵگەنامەیەیە یان ئەو فۆڕمەیە کە کەسێك بەهۆیەوە بۆ نموونە داوای خزمەتێك دەکات بە نووسراو.

**hakuaika – : ماوەی داوا**

مەبەست لە ماوەی داوا ئەو ماوەدیاریکراوەیە کە لە میانەیدا دەبێت داوانامەکە بگەیەنرێتە جێ، بۆ نموونە بە پۆست ڕەوانە بکرێت.

*دەبێت داوانامەکە هەتاکو دوارۆژی دیاریکراوی داواکاری، کاتژمێر ۱٦ پێشکەش بکرێت.*

**hakulomake – : فۆرمی داواکاری**

فۆرمی داواکاری ئەو فۆرمەیە کە بەهۆیەوە کەسێك بۆنموونە داوای خزمەتێك یان کۆمەکێك دەکات بە نوسراو.

*نەفەر بەهۆی فۆڕمی داواکاری داوای کۆمەك دەکات.*

**HARKINTA – : بیرلێکردنەوە**

بیرلێکردنەوە واتا هەڵسەنگاندن، واتە بابەتێك هەبێت بیری لێ بکرێتەوە.

*کەسێك بیری لێ دەکاتەوە کە دەیەوێت چی بخوێنێت.*

**harkinnanvarainen palvelu – : خزمەتێك کە بیرکردنەوەی دەوێت**

خزمەتێك کە بیرکردنەوەی دەوێت واتا خزمەتی وا هەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێت وەری بگرێت، لەبەر ئەوەش کاربەدەستان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن و بڕیار دەدەن کە ئایا ئەو کەسە پێویستی بەو خزمەتە هەیە یان نا، بۆ نموونە خزمەتی تواناهێنانەوە.

**HOITOSUUNNITELMA – : پلانی چارەسەرکردن**

پلانی چارەسەرکردن ئەو پلانەیە کە کەسانی پسپۆڕ بۆکە سێك ئامادەی دەکەن، کاتێك کە کەسێك پێویستی بە چارەسەر هەبێت بۆ نموونە بەهۆی نەخۆشیەوە . پلانەکە بەگوێرەی نیشانەکانی نەخۆشی کەسەکەو بارودۆخەکە دادەڕێژرێت.

**HUOLTAJA – : سەرپەرشت**

سەرپەرشت ئەو کەسەیە کە لە بەخێوکردن و پەروەردەکردن و چاودێری کردن و بایەخ پێدانی منداڵ و گەنجیک کە تەمەنی خوار هەژدە ساڵە بەرپرسیارە.

**HYVÄKSIKÄYTTÖ – : بەکارهێنانی نادروست**

مەبەست لە بەکارهێنانی نادروست ئەوەیە کە کەسێك پلەوپایەی خۆی بە نادروستی بەکاربەێنێت و بۆ نموونە خراپەکاری بەرامبەر کەسانی تر بکات.

**HÄIRINTÄ – : بێزار کردن**

مەبەست لە بێزار کردن ئەوەیە کە کەسێك بەبەردەوامی هەڵسوکەوتی نادروست بەرامبەر کەسێکی تر بکات، بۆنموونە بندەستەی بکات یان هەستی بریندار بکات. کەسێك دەتوانێت هەستی کەسێکی تر بریندار بکات بەوەی کە شتێکی پێ بڵێت یان کردەوەیەکی خراپ بەرامبەری بکات.

**IHMISOIKEUDET – : مافەکانی مرۆڤ**

مافەکانی مرۆڤ هەندێك مافێکی دیاریکراوی گشتین کە بۆهەموو کەسێکە . بۆ نموونە ئازادیی قسە کردن یەکێکە لەومافانە.

**ITSEMÄÄRÄÄMISOIKEUS, ITSENÄISYYS – مافی چارەی خۆنوسین، سەربەخۆیی:**

مەبەست لە مافی چارەی خۆنوسین ئەوەیە کە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە کە خاوەن بڕیاری خۆی بێت . سەربەخۆییش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤێك وابەستە نەبێت بە مرۆڤێکی ترەوە . مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی ئازادانە بڕیاری خۆی بدات.

**JÄRJESTÖ – : ڕێکخراو**

ڕێکخراو بریتیە لە کۆمەڵەیەك کە کەسێك یان کۆمەڵە خەڵکێك دەتوانن لە ناوی کۆببنەوە . ڕێکخراو ەمیشە

ئامانجێکی دەبێت کە لە پێناویدا کار دەکات.

<u>یەکێتیی نابینایانی فینلاند ڕێکخراوێکە کە لە پێناو کاروبارەکانی نابینایان تێ دەکۆشێت.</u>

**KELA – : کێلا**

کێلا کورتکراوەی ناوی – دەزگای خانەنشینیی میللییە . ئەم دەزگایە کاری دابینکردنی زەمانەتە سەرەکیەکانی بارودۆخە جیاجیاکانی ژیانی ئەو خەڵکە دەگرێتە ئەستۆ کە لە فینلەندا دەژین .بۆ نموونە کێلا چەندین یارمەتیی پارە دەدات، وەکو پارە زیادەی منداڵ.

**KOTOUTUMINEN – : ئاوێتە بوون**

مەبەست لە ئاوێتەبوون بوون ئەوەیە کە کۆچبەر لە وڵاتەکەدا ئاوێتە بێت .واتە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا تازەیە و

ئەو ژینگە تازەیە کە ڕووی تێ کردووە خۆی بگونجێنێت. ئامانجی ئاوێتە بوون ئەوەیە کە کۆچبەر لە ناو کۆمەڵگاکەدا بەشێوەیەکی باش لەگەڵ خەڵکانی تر هەڵ بکات. یە کیك لە ئامانجەکانی ئاوێتە بوون ئەوەیە کە.، بۆ نموونە کۆچبەر فێری زمانی وڵاتەکە ببێت، شارەزای ئەو ژینگە تازەیە بێت و کارێك بۆ خۆی پەیدا بکات.

**kotoutumissuunnitelma – : پلانی ئاوێتە بوون**

کارمەندە حکومیەکان و نەفەرەکە پێکەوە پلانێکی ئاوێتەبوون دادەڕێژن کە دەبێتە یارمەتیدەری ئاوێتەبوون

واتە گونجان لەو ژینگە تازەیە . پلانەکە بۆی ە هیە بۆ نموونە فێربوونی زمانی فینلاندی یانیش ڕاه ێنانی کار بگرێتەخۆ.

**kotoutumistuki – : یارمەتیی ئاوێتەبوون**

یارمەتیی ئاوێتەبوون ئەو پارەیەیە کە کۆچبەر لەماوەی دیاریکراوی پلانی ئاوێتەبووندا وەری دەگرێت.

**KULJETUSPALVELU – : خزمەتی گواستنەوە**

خزمەتی گواستنەوە مانای ئەوەیە کە گواستنەوەی نەفەرەکە دابین بکرێت، لەکاتێکدا ئەگەر خۆی نەتوانێت هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاربهێنێت.

*کەسێك کەمئەندامێکی سەخت بێت دەکرێت گواستنەوەی بۆدابین بکرێت بۆ شوێنی کارەکەی یان خوێندنەکەی، بۆ نموونە بە تاکسی.*

**KUNTA – : شارەوانی**

شارەوانی ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیە کە خەڵکی لێی دەژین.هەروەها شارەوانی بەو دەسەڵاتە ئیداریانەش دەوترێت کە ئەرکی سەرشانیان دابینکردنی خزمەتگوزارییە بۆدانیشتوانەکە . هەر بەشێك لە دانیشتوانی فینلەندا لە شارەوانیەکدا دەژین، بەواتای هەر بەشێك لەو خەڵکە دانیشتووی شارەوانیەکە .دەکرێت شارەوانی شاریش بێت.

*شارەوانیی ماڵ، ئەو شارەیە کە کەسێك بە جێگیری لێی دەژی.*

**KUNTOUTUMINEN – : توانا هاتنەوە**

توانا هاتنەوە مانای ئەوەیە کە کەسێك بەهەندیك شێوازبتوانێت بەسەر بارودۆخێکی سەختی ژیانیدا زاڵ بێت.

بەهۆی توانا هاتنەوە مرۆڤ توانای دێتەوە بەرو لەوانەیە بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کارکردن.

**kuntoutus – : تواناهێنانەوە**

مەبەست لە تواناهێنانەوە باشترکردنی چەندین شتە ، بۆنموونە ئەو کەسە تەندروستیەکی باشتری ببێت، بتوانێت سەربەخۆیانە کاروباری ژیانی خۆی بەڕێوە ببات و بتوانێت کار بکات .تواناهێنانەوە بریتیە لە ڕاهێنانی ڕێنمایی کراو. دەکرێت تواناهێنانەوە بۆ نموونە بریتی بێت لە خولێك کە تیایدا ئەو کەسە فێری ئەوە بێت چۆن کارێك بۆ خۆی پەیدا بکات.

**kuntoutussuunnitelma – : پلانی تواناهێنانەوە**

بۆ هەر کەسێك کە پێویستی بە تواناهێنانەوە هەبێت پلانێکی تایبەت و شەخسی بۆ تواناهێنانەوەی دادەڕێژرێت .لە پلانەکەدا باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو کەسە پێویستیی بە چی جۆرە خزمەتێك هەیە . دەکرێت بەشێك لە پلانەکە بۆنموونە بریتی بێت لە ڕێنمایی کردن کە یارمەتیدەر بێت بۆی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی خۆی.

**LAKI – : یاسا**

یاسا ئەو بڕیارەیە کە پەرلەمان دەری دەکات و ئەرکی سەرشانی هەموو کاربەدەستان و دانیشتوانی فینلەندایە کە پێڕەوی بکەن .دەکرێت یاسا بۆ نموونە ئەوە دیاری بکات کە کێ مافی هەبێت خزمەتگوزاریەکی دیاریکراوی پێ بدرێت یان دەبێت شارەوانیەکە چی جۆرە خزمەتگوزاریەك ڕێك بخات، بۆ نموونە بۆ کۆچبەران.

*یاسای ئاوێتەبوون لەپێناوی ئاوێتەبوون و یەکسانی و ئازادیی هەڵبژاردنی کۆچبەران دانراوە.*

**lakisääteinen – : یاسایی**

مەبەست لە یاسایی ئەوەیە کە بۆ نموونە خزمەتێك یان یارمەتیەك لەسەر بنەمای یاسا پێشکەش بکرێت و پێویستە لەسەر هەموو کاربەدەستان و خەڵکانی تریش ئەو یاسایە پێڕەو بکەن. بۆ نموونە پشووی یاسایی شتێکی یاساییە ، واتە یاسا دایناوە کە کارمەندێك مافی خۆیەتی کە لەو مانگانەدا کە کار دەکات پشوو وەربگرێت.

**LÄHESTYMISKIELTO – :قەدەغکردنی لێ نزیك کەوتنەوە**

ئەگەر بڕیاری قەدەغەکردنەکە لەلایەن پۆلیسەوە یان دادگاوە دەرکرابێت ئەو کەسە نابێت نە پەیوەندی بە کەسەکەی ترەوە بکات نەش لێی نزیك بێتەوە.

**LÄÄKÄRINTODISTUS – : بڕوانامەی دوکتۆر**

بڕوانامەی دوکتۆر ئەو نوسراوەیە کە دوکتۆر دەینوسێت، واتە شایەتیدان بەوەی کە ئەو کەسە نەخۆشە یان ناساغە .

*ئەگەر کەسێك نەچێت بۆ کارەکەی، بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی تای لێهاتووە ، پێویستە لەسەری بڕوانامەی دوکتۆر ببات بۆبەرپرسی کارەکەی.*

**MAKSU – : پارەدان**

پارەدان بۆ ئەو جۆرە مەسرەفانەیە کە نەفەرەکە لە کڕینی شتێك یان بۆ کرێی خزمەتێك دەکەوێتە ئەستۆی.

*خزمەتی تەندروستیی ددان لە بنکەی تەندروستیدا بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەروو ١٨ ساڵە بە پارەیە بەوکەسە دەبێت خۆی ئەو پارەیە بدات.*

**maksusitoumus – : بەڵێننامەی پارەدان**

بەڵێننامەی پارەدان نوسراوێکە کە ڕێکخەری خزمەتگوزاریەکە دەیدات بە نەفەرەکە . ڕێکخەری

خزمەتگوزارییەکە بەڵێنی ئەوە دەدات کە پارەی خزمەتەکە بدات کە پێویستە . لەو کاتەدا پێویست ناکات کە نەفەرەکە خۆی پارە بدات.

*کەسێك دەتوانێت بۆ خزمەتی تواناە ێنانەوە بەڵێننامەی پارەدان لە فەرمانگەی شارەوانیەکەی وەربگرێت .*

**MASENNUS – : خەمۆکی**

خەمۆکی واتە فشار هاتنەسەر مێشك نەخۆشیەکی دەروونیە. یەکێك لە نیشانە هەرە دیارەکانی بێ زەوقیەکی درێژخایەنە. خەمۆکی لەوانەیە لە ئەنجامی سەختیی بارودۆخی ژیانەوە تووشی مرۆڤ بێت.

**MIELENTERVEYS – : تەندروستیی دەروونی**

تەندروستیی دەروونی واتە خۆشگوزەرانیی ڕووحی .کاتێك کە مرۆڤ تەندروستیی دە روونیی باش بێت دەتوانێت گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیدا بکات و تاقەتی دەبێت خزمەتی خۆی بکات.

**mielenterveystyö – : کاری تەندروستیی دەروونی**

مەبەست لە کاری تەندروستیی دەروونی ئەو جۆرە خزمەتانەیە کە بە هۆیانەوە تەندروستیی دەروونیی خەڵك

بەباشی ڕادەگیرێت .کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەو جۆرە کارانە دەکەن کە دەبێتە مایەی ڕێگری لە سەر هەڵدانی کێشەی تەندروستیی دەروونی .هەروەها بەشێکی تری کاری تەندروستیی دەروونی بریتیە لە

چارەسەرو تواناهێنانەوە ، بۆ نموونە لە کاتێکدا کە کەسێك تووشی نەخۆشیی خەمۆکی بووبێت.

**MONIAMMATILLISUUS – : فرە پیشەیی**

مەبەست لە فرە پیشەیی ئەو هاوکاریکردنەیە کە کارمەندانی بوارە پیشەییە جیاجیاکان لە نێوان خۆیاندا دەیکەن. بۆ نموونە لە قوتابخانەدا مامۆستا و پەرستاری تەندروستی و بەرپرسی کۆمەڵایەتی قوتابخانە دەتوانن هاوکارییەکی فرە پیشەیی پێکەوە بکەن.

**MONIKULTTUURISUUS, MONIKULTTUURINEN – : فرەکولتوری، فرەکولتور**

فرەکولتووری مانای ئەوەیە کە کولتورە جیاوازە کان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و لە نێوانیاندا کارتێکردنی بەرامبەردروست دەبێت .هەر ئینسانێك نوێنەری کولتوورەکەی خۆیەتی .کولتوور بریتیە لە داب و نەریت و ئەو زمانەی کە خەڵکەکە وەکو زمانی دایك قسەی پێ دەکەن و شتی تر .کاتێك کە نوێنەری کولتوورێك ڕووبەڕووی نوێنەری کولتوورێکی تر دەبێتەوە حاڵەتی کارلێککردنی فرە کولتووری دروست دەبێت.

*<u>بەهۆی فرەکولتوریەوە مرۆڤ دەتوانێت باشتر لە کولتوورەکانی تر و لە جیهان تێ بگات</u>.*

**NEUVO – : ئامۆژگاری، ڕاوێژ**

ئامۆژگاری واتە ئەو ڕێنماییانەی کە بەهۆیەوە مرۆڤ فێری ئەوە دەبێت لە بارودۆخێکدا چی جۆرە کردەوەیەك بکات.

*<u>دایك و باوکان دەتوانن پرسیاری ئامۆژگاری بکەن کە چۆن منداڵی کۆرپە بەخێو دەکرێت</u>.*

**neuvoa – : ئامۆژگاری کردن**

ئامۆژگاری کردن واتە کەسیك ڕێنمایی بدات.

<u>پەرستاری تەندروستی ئامۆژگاری دەدات بە دایك و باوکان کە چۆن منداڵەکەیان بەخێو بکەن.</u>

**neuvola – : ڕاوێژگای پزیشکی**

ڕاوێژگا خزمەتگوزاریەکی بواری تەندروستیە کە لەوێدا ئامۆژگاری و ڕێنماییت پێ ئەدرێت.

ڕاوێژگای منداڵان بەدواداچوون بۆ باری تەندروستی و نەشونماکردنی منداڵان دەکات.

لەوێ ڕێنمایی بەخێوکردنی منداڵ و ئەرکەکانی دایکایەتی وباوکایەتی پێشکەش دەکرێت. ڕاوێژگای خێزانیش یارمەتی خێزانەکان ئەدات لە بارودۆخە دژوارەکانیاندا، بۆ نموونە لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد.

**OIKEUS – : ماف**

ماف واتە ئەو مۆڵەت و دەرفەتە ڕەخسێنراوانە کە تایبەتن بە مرۆڤ. بۆ نموونە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو خەڵکانە لە فینلەندا دەژین.

*لە فینلەندا هەموو کەسێك مافی خوێندنی هەیە.*

**perusoikeudet – : مافە سەرەکیەکان**

مافە سەرەکیەکان ئەو مافانەن کە بۆ هەموو کەسێکن .ئەم مافانە لە دەستوردا نوسراون .

*لە فینلەندا هەموو کەسێك مافی بە کارهێنانی زمان و کولتووری خۆی هەیە.*

**subjektiivinen oikeus – : مافی کەسێتی**

مافی کەسێتی مانای ئەوەیە کە، بۆ ئەوەی کەسێك خزمەتێك یان یارمەتیەکی پێشکەش بکرێت دەبێت مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو شتەی تیا هەبێت.

*ئەوانەی کە بە سەختی کەمئەندامن مافی یارمەتیی شەخسییان هەیە لەماڵەوە و لە دەرەوەش.*

**ihmisoikeudet –: مافەکانی مرۆڤ**

مافەکانی مرۆڤ ئەو مافانەن کە بۆ هەموو مرۆڤیکن و بە ڕێکەوتننامەو جاڕنامەی جیهانی دیاری کراون . مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەسێکە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا. لە مافەکانی مرۆڤ بۆ نموونە مافی بەکارە ێنانی زمانی دایك وکولتووری خۆیی و ئازادی قسەکردن.

*هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە بیرورای خۆی دەربڕێت.*

**OIRE – : دەرکەوتە**

دەرکەوتە نیشانەی نەخۆشییە کە بۆ نموونە لە شێوەی بەدەنی دەردەکەوێت .دەرکەوتەکانی فلونزا هەڵامەت و

قورگ ئێشەیە.

**OMAINEN – : کەسوکار**

کەسوکار ئەندامی خێزانە یان خزمێکی نزیکە.

**omaishoitaja – :  بەخێوکەری کەسوکار**

بە خێوکە ری کەسوکار ئەو کەسەیە کە کەسێکی نزیکی خۆی لە ماڵەوە خزمەت دەکات .بەخێوکەری کەسوکار دەبێت لەگەڵ بۆ ئەو خزمەتەی کە دەیکات لەگەڵ شارەوانی ڕێککەوتن ئیمزا بکات.

**omaishoitosopimus – : ڕێکەوتننامەی بەخێوکردنی کەسوکار**

بەخێوکەری کەسوکار و شارەوانی ڕێککەوتنێك ئیمزا دەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە لە ماڵەوە کەسێکی نزیکی خۆی خزمەت بکات.

**omaishoidon tuki – :  یارمەتیی بەخێوکردنی کەسوکار**

بەخێوکەری کەسوکار بەرامبەر بە خزمەتکردنی کەسێکی نزیکی خۆی یارمەتی وەردەگرێت .ئەو یارمەتیەش مووچەی بەخێوکەرەکەیە ، واتە پارەی پێ دەدرێت و ڕۆژانی پشووشی بۆ دادەنرێت. یارمەتیەکە ئەو خزمەتگوزەرانیانەش دەگرێتەوە کە بۆبەخێوکراوەکەیە ، بۆ نموونە خزمەتی تواناهێنانەوە.

**PALVELU – : خزمەت**

خزمەت واتە ئەو یارمەتییەی کە ئەو کەسە وەری دەگرێت . بۆ نموونە بۆ ژیان یان بۆ هاموشۆ .مەبەست لە

خزمەتگوزاریەکان ئەوەیە کە خەڵکی یارمەتی بدرێن بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئازادانە بژین و لەچالاکیەکانی کۆمەڵگادا بەشداری بکەن . ئینسان دەتوانێت داوای خزمەت بکات بۆ نموونە لە شارەوانیەکەی.

*کەسێك کە بە سەختی کەمئەندام بێت دەکرێت خزمەتی گواستنەوەی پێ بدرێت تاکو بتوانێت هاموشۆی شوێنی کارەکەی یان خوێندنگاکەی بکات .*

**palvelujärjestelmä – : سیستەمی خزمەتگوزاری**

مەبەست لە سیستەمی خزمەتگوزاری سەرجەمی ئەوخزمەتگوزاریانەیە کە شارەوانی یان حکومەت پێشکەشی خەڵکی دەکات.

**palveluohjaus – : ڕێنمایی خزمەتگوزاری**

کاربەدەستان زانیاری لەسەر ئەو خزمەت و یارمەتییانە کۆدەکەنەوە کە نەفەرەکان دەتوانن وەری بگرن.

هەروەها کاربەدەستان ئامۆژگاری بە نەفەرەکان ئەدەن کە بەچی شێوە یە ك داوای خزمەتگواریەکان بکە ن و بەکاریان بهێنێن.

**palvelusuunnitelma – : پلانی خزمەت**

کاربەدەست و نەفەر پێکەوە پلانی خزمەتەکان دائەنێن .لە پلانەکەدا ئەو خزمەت و یارمەتییانە کە نەفەرەکە

پێویستێتی دەنوسرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانی ڕۆژانەی خۆی هەڵسوڕێنێت. لە پلانەکەدا بارودۆخی نەفەرەکە و ئاواتەکانی ڕەچاو دەکرێت.

**PERHETYÖ – : کاری خێزانی**

مەبەست لە کاری خێزانی ئەوەیە کە کەسانی شارەزا یارمەتی خێزانە منداڵدارەکان دەدەن و هاوکارییان دەکەن لەوکاروبارانەی کە بۆ نموونە پەیوەندییان هەیە بە پەروەردەی منداڵەوە یان بە ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکەوە . ئامانج لە کاری خێزانی ئەوەیە کە بۆ نموونە یارمەتی دایك وباوکان بدرێت بۆ توانای هەڵسوڕاندنی ژیانی ڕۆژانە.

**PERUSHOI TO – : خزمەتی سەرەکی**

خزمەتی سەرەکی ئەوەیە کە پێویستیە سەرەکیەکانی نەخۆشەکە دابین بکرێت، وەکو پاك و خاوێنی و خواردن.

**PSYKOLOGI – : دەروونناس**

دەروونناس کەسێکی پسپۆڕە بۆ یارمەتیدان و ڕێنمایی کردنی کە سێك کە خۆی نەتوانێت بارودۆخە سەختە کانی ژیانی تاوتوێ بکات. دەروونناس بۆ نموونە لە بنکە تەندروستیەکاندا، لە قوتابخانەکاند و لە ڕاوێژگا پزیشکیەکاندا کار دەکات.

*دەروونناسی بنکەی تەندروستی یارمەتی ئەو نەخۆشانە ئەدات کە کەوتوونەتە بارودۆخێکی سەختی ژیانەوە.*

**psykiatri – :  پزیشکی دەروونی**

پزیشکی دەروونی پزیشکێکی تایبەتە کە تایبەتمەندی وەرگرتووە لە بواری نەخۆشیە زە نیەکان .پزیشکی دەروونی بۆ نموونە دەتوانێت دەرمان بنووسێت ئەگەر نەخۆشەکە تووشی خەمۆکی هاتبێت.

**PÄIHDE – : سەرخۆشکەر**

سەرخۆشکەر ئەو مادەیەیە کە مرۆڤ سەرخۆش دەکات . بۆنموونە ئەلکهۆڵ یان مادە هۆشبەرەکان سەرخۆشکەرن.

**päihdehuolto – :  چارەسەری کێشەی سەرخۆشی**

مەبەست لە چارە سە ری کێشە ی سەرخۆشی ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت ڕێگری لەو کێشانە بکرێت کە پەیوەندییان بە مادە سەرخۆشکەرەکانەوە هەیە. ئامانجی چارە سە ری کێشە ی سەرخۆشی ئەوەیە یارمەتی ئەو کەسانە بدرێت کە بەشێوەیەکی نادروست مادە سەرخۆشکەرەکان بەکاردەهێنن .هەروەها کەسوکاری ئەو کەسانەش یارمەتی دەدرێن.

**päihdetyö – : کاری بواری کێشە ی سەرخۆشی**

کاری بواری کێشەی سەرخۆشی ئەوەیە کە کەسانی شارەزا وپسپۆڕ بەچەندین شێوازی جیاجیا کۆشش دەکەن لەپێناوباشگوزەرانی خەڵکی و ژیانێکی تەندروست دوور لە مادە سەرخۆشکەرەکان. بەشێك لە کاری بواری سەرخۆشی چارەسەر و تواناە ێنانەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە مادە سەرخۆشکەرەکان بەکاردەهێنن.

**PÄIVÄHOITO – : دایەنداری**

دایەنداری ئەوەیە کە بە ڕۆژەوە کاتێك کە دایك و باوکان لە کاردان منداڵەکەیان ببرێت بۆ دایەنگا یان باخچەی منداڵان. لەوێ منداڵەکە لە ناو ژینگەیەکی ئاسوودەدا بەخێو دەکرێت و پەروەردە دەکرێت و فێر دەکرێت.

**päiväkoti – : دایەنگا، باخچەی منداڵان**

دایەنگا ئەو شوێنەیە کە منداڵ لێی دەبێت بۆ چاودێریکردنی بەڕۆژەوە . منداڵ لە دایەنگادا پەروەردەی پێشوەخت وفێرکاریی پێش قوتابخانە وەردەگرێت.

**PÄTEVYYS – : لێهاتوویی**

ئەو بڕوانامەیەیە کە بەهۆیەوە ئەو کەسە بۆی هەیە وەکوکەسێکی لێهاتوو کار بکات .لێە اتوویی بەە ۆی خوێندن یان کارکردنەوە بەدەست دەە ێنرێت.

*پەرستاری تەندروستی خوێندنی کۆلێژی پیشەیی تەواو دەکات و بڕوانامەی لێهاتوویی پێ دەدرێت تاکو بتوانێت وەکوپەرستارێك کار بکات.*

**RESEPTI – : ڕاچێتە**

ڕاچێتە کاغە زی دە رمانی دیاریکراوە کە دوکتۆردەینوسێت.

*بۆ کرینی دە رمان لە دە رمانخانە دا دەبێت ڕاچێتەکە پێشان بدات.*

**ROKOTE – : کوتان، واکسن**

کوتان مادەیەکی دەرمانە کە توانای بەرگریکردن لە دژی نەخۆشی پێك دەە ێنێت .کوتان ڕێگری دەکات لە تووشبوونی نەخۆشی بۆ مرۆڤ.

*لە ڕاوێژگای پزیشکیدا کوتان بە منداڵان دەدرێت، بۆ نموونە دژی نەخۆشیی ە ەوکردنی سییەکان.*

**RUOKAVALIO – : سیستەمی خۆراك**

مەبەست لە سیستەمی خۆراك ئەو مادە خۆراکیانەیە کە کەسیك ڕۆژانە دەیخوات.

*سیستەمی خۆراکی تەندروست ئەوەیە کە خواردەمەنیی هەمەلایەنە بخۆیت .*

**erityisruokavalio – : سیستەمی خۆراکی تایبەت**

مەبەست لە سیستەمی خۆراکی تایبەت ئەوەیە کە لە سیستەمی خۆراکی کەسێکدا چەند خۆراکێك دەرکرابێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسە حەساسیەتی پێی هەبێت یان بەهۆی نەخۆشیەکە وە نەتوانێت بیخوات.

ئەگەر کەسێك نەخۆشیی ـ کێلیاکی هەبێت، ئەوسا ناتوانێت هەندێك جۆری بەرهەمی دانەوێڵە بخوات، وەکو گەنم و چاودار و جۆ.

**allergia – : حەساسیەت**

حەساسیەت ئەوەیە کە کەسێك بەهۆی هەندێك مادەی خۆراکیەوە دیاردەی نەخۆشیی لێ سەر هەڵبدات و نەتوانێت ئەو خۆراکە بخوات.

*کەسی وا هەیە حەساسیەتی بە هێلکە هەیە .*

**SAAVUTETTAVUUS – : ساکاری**

ساکاری ئەوە دەگەیەنێت کە بەرهەمێك یان خزمەتگوزاریەك بەکارهێنانی ئاسان بێت و بۆ هەموو بەکارهێنەرەکانیش یەکسان بێت. بۆ نموونە ئەو ماڵپەڕی ئینتەرنێتانەی کە بە زمانی ساکار نوسراون خوێندنەوە و بەکارهێنانیان ئاسانە.

**SAIRAUS – : نەخۆشی**

نەخۆشی واتە دەرد.

**muistisairaus – : نەخۆشیی یادەوەری**

نەخۆشیی یادەوەری ئەو دەردەیە کە دەبێتە مایەی لاوازبوونی یاد .ئەگەر کەسێك نەخۆشیی یادەوەریی هەبێت بە ئاسانی شتەکان نایەنەوە بیری بۆ ئەوەی کاروبارەکانی ڕۆژانەی خۆی جێبەجێ بکات .نەخۆشیی یادەوەری بەگشتی لەو کاتانەدا سەر هەڵ دەدات کە مرۆڤ پیر دەبێت.

**pitkäaikaissairaus – : نەخۆشیی درێژخایەن**

نەخۆشیی درێژخایەن ئەوە دەگەیەنێت کە نەخۆشییەکە بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت. بۆ نموونە نەخۆشیی شەکرە نەخۆشییەکی درێژخایەنە.

**SALASSAPITOVELVOLLISUUS – : بەرپرسیارێتیی نە ێنی پاراستن**

بەرپرسیارێتیی نە ێنی پاراستن مانای ئەوەیە کە کاربەدەست بۆی نیە زانیاریەکانی کەسێك بۆ خەڵکی تر یان بۆ لایەنی ترباس بکات.

**SELKOKIELI – : زمانی ساکار**

زمانی ساکار ئەو زمانەیە کە بە ئاسانی لێی تێ دەگەیت .لەوزمانەدا ڕستەی کورتکراوەو وشەی ئاشنای تیا بەکاردەە ێنرێت.زمانی ساکار بۆ ئەو کەسانەیە کە تێگەیشتن و خوێندنەوەی زمانی گشتی بەلایانەوە سەختە . بۆ نموونە دەکرێت ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت یان بڵاوکراوەکان بە زمانی ساکار بنوسرێن.

*لە بڵاوکراوە زمان ساکارەکانی کێڵادا بە کورتی و بە ڕوونی باسی ئەو بەرژەوەندییانە دەکرێت کە کێڵا دەیدات.*

**SOSIAALIHUOLTO, SOSIAALITOIMI – : چاودێریی کۆمەڵایەتی، کاری سۆسیال**

چاودێریی کۆمەڵایەتی واتا ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتیەی کە مشووری ئەوە دەخوات کە خەڵکانی دانیشتووی فینلەنداگوزەران بکەن .چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکە کە خزمەتگوزاریەکانی سۆسیال ڕێك دەخات . بەشێك لە چاودێریی کۆمەڵایەتی خزمەتی تایبەتی کەمئەندامانە . خزمەتەکانی سۆسیال بە پێی یاسا دانراون، ئەو لایەنەش کە برپرسە بۆ دابینکردنیان شارەوانیە.

لە شاری هێلسینکیدا فەرمانگەی سۆسیالی سەر بە شارەوانیی هێلسنکی ئەو خزمەتانە دابین دەکات. یەکێك لە ئیشەکانیان بۆ نموونە دابینکردنی دایەندارییە بۆ منداڵان.

**sosiaalipalvelu – : خزمەتی سۆسیال**

خزمەتی سۆسیال مانای ئەو خزمەتەیە کە بەشێکە لە چاودێریی کۆمەڵایەتی .مەبەست لەو خزمەتانەش ئەوەیە کە گوزەرانی خەڵکی باش بێت و بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا زاڵ بن .بە خزمەتەکانی سۆسیال

ڕێگری و چارەسەربۆ ئەو کێشەو گرفتانە دەکرێت کە بۆ نموونە بەهۆی بێکاری و هەژارییەوە سەر هەڵ دەدەن .ئەو خزمەتانەش دەکرێت بۆ نموونە بریتی بێت لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری.

*__خزمەتەکانی ئاوێتەبوونی کۆچبەران بەشێکە لە خزمەتەکانی سۆسیال.__*

**sosiaaliturva – : زەمانەتی کۆمەڵایەتی**

زەمانەتی کۆمەڵایەتی مانای ئەوەیە کە خەڵکی لە هەمووبوارەکانی ژیاندا بژێوی و خزمەتیان پێ بدرێت .لە فینلەندا زەمانەتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بناغەیە دەبێت کە ئەوکەسە بەشێوەیەکی جێگیر لە وڵاتەکەدا بژیت یانیش ئەوکەسە لە فینلەندا کار بکات. بۆ نموونە دانیشتووی شارەوانیەك مافی خزمەتە کۆمەڵایەتیەکانی هەیە.

**sosiaaliasiamies – : نمایندە ی سۆسیال**

نمایندەی سۆسیال کەسێکی پیشەگەری شارەوانیە کە ڕێنمایی بە نەفەرەکان دەدات واتە بە و کەسانەی خزمەتەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنن.نمایندەی سۆسیال دەتوانێت یارمەتی نەفەرەکان بدات بۆ نموونە ئەگەر نەفەرێك لەو ڕەفتارەی کە لەگەڵی دەکرێت ناڕازی بێت.

**sosiaalityö – : کاری سۆسیال**

کاری سۆسیال ئەو کارەیە کە بەمەبەستی یارمەتیدانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت و بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان باشتر دەکات .ئەوانەی کە کاری سۆسیال دەکەن خەڵکانێکی پسپۆڕن و یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە لە بارودۆخێکی سەختی ژیاندان.

**SYRJIÄ, SYRJINTÄ – : پەراوێزکردن، پەراوێزکاری**

پەراوێزکاری مانای ئەوەیە کە کەسیك بەشێوەیەکی ناڕەوا بەرامبەر بە کەسێکی تر ڕەفتار بکات، بۆ نموونە بەهۆی جیاوازیی ئایینەوە یان بەهۆی ناتەواوی ئەندامی جەستەییەوە.

*__خاوەن کارێك بۆی نیە داواکارێکی کار پەراوێز بکات بۆ نموونە بەهۆی جیاوازی زمانەوە یان جیاوازی ڕەگەزەوە.__*

**syrjäytyä – : پەراویزبوون**

پەراوێزبوون ئەوە دەگەیەنێت کە کەسێك بکەوێتە دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە . بۆ نموونە کەسێکی بێکار مەترسی ئەوەی لەسەرە کە پەراوێز ببێت.

**SÄÄNNÖLLINEN – : مونتەزەم**

مونتەزەم شتێك دەگەیەنێت کە زۆرجار دووبارە ببێتەوە یانیش لە نێوان ماوەیەکی دیاریکراودا ڕووبداتەوە.

*خەڵکی رۆژانە دەچن بۆ کار.*

*کۆبوونەوەکان ساڵی دوو جار دەکرێن.*

**TASA-ARVO – : هاوبە هایی، یەکسانی**

هاوبە هایی ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو خەڵکی هەمان ماف و بەهای مرۆڤایەتییان هەیە.

*کارمەندەکان لە شوێنی کارەکەیاندا هاوبە هان نابێت بەچاوی جیاواز تەماشایان بکرێت بۆ نموونە بەهۆی جیاوازی تەمەنەوە یان جیاوازی رەگەزەوە.*

**TERAPIA – : تیماری سروشتی**

تیماری سروشتی ئەو چارەسەرکردنەیە کە کەسانی پسپۆڕدەیکەن بۆ تیمارکردنی نەخۆشی یان ناساغی .لە تیماری سروشتیدا بۆ نموونە نەخۆشەکەو کەسانی پسپۆڕلەبارەی ئەو کیشانەوە گفتوگۆ بکەن کە نەخۆشەکە هەیەتی.

**seksuaaliterapia – :  تیماری سروشتیی سێکسی**

تیماری سروشتیی سێکسی ئەو تیمارکردنەیە کە تیایداکێشەی سێکسی یان هەستەوەریی کەسیك چارەسەر دەکرێت.

**toimintaterapia – : تیماری سروشتیی کردەوەیی**

سروشتیی کردەوەیی ئەو تیمارکردنەیە کە بە مەبەستی یارمەتیدانی کەسیك دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت

بەشێوەیەکی سەربەخۆ ژیانی خۆی هەڵسوڕێنێت.

**fysioterapia – : تیماری سروشتیی بەدەنی**

تیماری سروشتیی بەدەنی تواناهێنانەوەیە ، کە توانای جەستەیی جموجۆڵ و کارکردن باشتر دەکاتەوە.

**kriisiterapia – : تیماری سروشتیی قەیرانەکان**

تیماری سروشتی قەیرانەکان ئەو تیمارە سروشتییەیە کە بەهۆیەوە یارمەتی کەسێك دەدرێت لە قەیرانێکی کتوپڕدا یان لەکاتی بەسەرهاتی ترسناکدا.

**TOIMINTAKYKY – : توانای کردەوە**

توانای کردەوە ئەوە دەگەیەنێت کە کەسێك بتوانێت خزمەتی خۆی بکات و کارەکەی و کاتی دەستبەتاڵی خۆی هەڵسوڕێنێت.

**psyykkinen toimintakyky – : توانای کردەوەی دەروونی**

توانای کردەوەی دەروونی واتە توانای کردەوەیی نەفسی ئەوە دەگەیەنێت کە چۆن کەسێك توانای دەروونی خۆی باش بکات تاکو بتوانێت بۆ نموونە کارەکەی ئەنجام بدات.

**fyysinen toimintakyky – : توانای کردەوەی بەدەنی**

توانای کردەوەی بەدەنی ئەوە دەگەیەنێت کە بەدەن چۆن جموجۆڵ دەکات و چۆن کار دەکات.

**toimintarajoite – : سنورداریی کردەوەیی**

سنووردارىی کردەوەیی ئەوە دەگەیەنێت کە کەسیك نەتوانێت بە ئاسانی جموجۆڵ بکات یان لەشی بجولێنێت.

**TYÖ – : کار**

کار ئەو کردەوانەیە کە کارمەندێك دەیکات و بەرامبەر بەوە مووچە وەردەگرێت.

**کار وەرگرتنی یارمەتیدراو : – tuettu työllistyminen**

کار وەرگرتنیی یارمەتیدراو ئەوەیە کە کارمەندێك لەشوێنێکی کارکردنی ئاساییدا کار بکات، بەڵام بە پشتیوانیی ڕاهێنەرێك، ئەو ڕاهێنەرە چی لە کارکردنەکەیدا و چی لە کاروبارەکانی تری پەیوەند بە شوێنی کارەکەوە یارمەتیدەری بێت.

**فێرکاریی هێزی کار : – työvoimakoulutus**

فێرکاریی هێزی کار ئەو فێرکارییەیە کە بە هۆیەوە کارمەندێك بەهرە پیشەییەکانی خۆی دەپارێزێت و بەهرەی زیاتریش فێر دەبێت کە لە ژیانی کارکردنداپێویستی دەبێت .فێرکاریی هێزی کار بۆ ئەو کەسانەیە کە لە تەمەنی کارکردندان و بۆ ئەوانەیە کە بێکارن و داواکاری کارن بۆ ئەوەی بچنە ژیانی کارکردنەوە.

**توانای کار : – työkyky**

مەبەست لە توانای کار ئەوەیە کە مرۆڤ تاقەتی هەبێت وبتوانێت بە تواناکانی خۆیەوە کار بکات.

**ڕاهێنانی کار : – työharjoittelu**

کارمەندیك ڕاهێنان لەسەر کارکردن دەکات و بە ژیانی کارکردن ئاشنا دەبێت و زانیاریە پیشەییەکەی باشتر دەکات.

**ڕاهێنەری کار : – työvalmentaja**

ڕاهێنەری کار کەسێکی پسپۆڕە کە یارمەتیی ئەو جۆرهکەسانە دەدات کە زەحمەتە بتوانن کار پەیدا بکەن.

**بژێوی : – TOIMEENTULO**

بژێوی ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ پارەی پێ بدرێت و لە لایەنی ئابووریەوە هە ڵ بکات.

**toimeentuloturva – : زەمانەتی بژێوی**

زەمانەتی بژێوی ئەو یارمەتییەیە کە بەشێکە لە زەمانەتی کۆمەڵایەتی .ئەویش بە مەبەستی دڵنیابوونە لەوەی کە کەسێك بایی ئەوە پارەی پێ بدرێت کە بەشی خەرجە هەرە پێویستەکانی بکات ئەگەر داهاتەکانی تری خۆی بەش نەکات.

**toimeentulotuki – : یارمەتیی بژێوی**

یارمەتیی بژێوی ئەو پارەیەیە کە بەکەسێك دەدرێت لە کاتێکدا کە لە هیچ شوێنێکی ترەوە دەستی نەکەوێت.

**TE-TOIMISTO – : فەرمانگەی ك پ**

فەرمانگەی ك پ واتە فەرمانگەی کار و پەرەپێدانی ئابووری. لە فەرمانگەی کار و پەرەێدانی ئابووریدا ئەو خزمەتانە پێشکەش دەکرێن کە پەیوەندییان هەیە بە کارکردنەوە . بۆنموونە ڕێنمایی کردن بۆ چۆنێتی پێشکەشکردنی داوای کار.

**TULKKAUS – : وەرگێڕانی زارەکی**

وەرگێڕانی زارەکی مانای ئەوەیە کە زمانێك یان وتەیەك بۆ زمانێکی تر تەرجومە بکرێت یان وای لێ بکرێت کە بەرامبەرەکە لێی تێ بگات.

**tulkki – : وەرگێڕی زارەکی، موتەرجیم**

وەرگێڕ کەسێکی پیشەییە کە لەو جۆرە بارودۆخەدا یارمەتی دەدات کە توانای زمانەوانی کە سێك بەشی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان ناکات .موتەرجیم دەتوانێت بۆ نموونە وتەکانی کاربەدەستێك بۆ نەفەرەکە تەرجومە بکات بە زمانەکەی خۆی.

**tulkkipalvelu – : خزمەتی وەرگێڕی زارەکی**

وەرگێڕی زارەکی ئەو خزمەتەیە کە لە ڕێگای وەرگێڕدەست دەکەوێت.

**TURVAKOTI – : ئارامگا**

ئارامگا ئەو شوێنەیە کە دەکرێت کەسێك ڕووی تیا بکات بۆ خۆ پاراستن لە حاڵەتێکدا کە لە ناو خێزاندا توندوتیژی هەبوو .ئەگەر کەسێك لە ناو خێزاندا هەستی بە مەترسی یان توندوتیژی کرد دەتوانێت بۆ ئەو شوێنە بچێت.

**vaitiolovelvollisuus – : ئە رکی نەدرکاندن**

ئەرکی نەدرکاندن مانای ئەوەیە کە کاربەدەست نابێت زانیاریەکانی کەسێك بۆ خەڵکی تر بدرکێنێت.

**VAMMA – : ناساغی، سەقەتی**

ناساغیی مانای ئەوەیە کە کەسێك بە شێوە یەکی درێژخایەن سنووردارییەکی هەبێت کە بووبێتە مایەی کەمبوونەوەی توانای کارکردنی .دەکرێت ناساغی سنووردارێەکی بەدەنی بێت، دەروونی بێت یانیش عەقڵی بێت یانیش پەیوەندیی بە هەستەکانەوە هەبێت.

**synnynnäinen vamma – : ناساغییی زگماك**

ناساغیی زگماك ئەو ناساغیەیە کە کەسێك لە کاتی لەدایکبوونەوە هەیبێت.

**traumaperäinen vamma – : ناساغیی ئەنجامی لێقەومان**

ناساغیی ئەنجامی لێقەومان ئەو ناساغیەیە کە لە بارودۆخێکی ژیاندا پەیدا دەبێت، بۆ نموونە لە ئەنجامی کارەساتێکدا.

**VAMMAINEN HENKILÖ – : کەمئەندام**

کەمئەندام ئەو کەسەیە کە ناساغیەکی هەیە لە ڕووی بەدەنییەوە یان لەڕووی نەفسیەوە یان لە ڕووی عەقڵیەوە یانیش لە ڕووی هەستەوەرییەوە.

**kehitysvammainen – : کەمئەندامی گەشەکردنی زە نی**

کەمئەندامی گەشەکردنی زە نی ئەو کەسەیە کە گرفتی فێربوون و تێگەیشتنی شتەکانی هەیە.

**کەمئەندامی جموجۆڵ : – liikuntavammainen**

کەمئەندامی جموجۆڵ واتە کەسێك کە لە ڕووی جموجۆڵەوە کەمئەندام بێت، بەهۆی ئەوەی کە ناساغیەکی هەبێت کە بووبێتە مایەی سنووردارکردنی جموجۆڵەکانی.

**کەمئەندامی نابینا : – näkövammainen**

کەمئەندامی نابینا ئەو کەسەیە کە ناساغیی بینایی هەبێت .ناساغیەکە بووەتە مایەی سنووردارکردنی توانای بینینی.

**کەمئەندامی بیستن : – kuulovammainen**

ناساغیی بیستنی هەبێت .ناساغیەکەبووەتە مایەی سنووردارکردنی توانای بیستنی.

**خزمەتی کەمئەندامان : – VAMMAISPALVELUT**

خزمەتی کەمئەندامان ئەو خزمەتانەن کە شارەوانی دابینی دەکات بۆ کەمئەندامان .ئەو خزمەتانەش بەشێکن لە چاودێریی کۆمەڵایەتی .ئامانج لە خزمەتەکانی کەمئەندامان ئەوەیە کە کەسێکی کەمئەندام بتوانێت بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ خەڵکانی تری ناوکۆمەڵگا بژێت و کاروباری خۆی ئەنجام بدات.

**ئارەزوومەندانە : – VAPAAEHTOINEN**

مەبەست لە ئارەزوومەندانە ئەوەیە کە کەسێك بە ویستی خۆی شتێك ئەنجام بدات.هەروەها دەکرێت بووترێت ئەو شتە ئارەزوومەندانەیە ، واتە بەزۆر نییە بیکەیت یان نەیکەیت.

*بەشداریکردن لە خوێندن شتێکی ئارەزوومەندانەیە .*

**کاری ئارەزوومەندانە ، خۆبەخشی : – vapaaehtoistyö**

کاری ئارەزوومەندانە یان خۆبەخشی ئەو کارەیە کە مووچە لێ وەرناگریت.

**ئیعتیراز کردن، داوای پیاچوونەوە کردن : – VALITTAA**

ئیعتیراز کردن مانای ئەوەیە کە کەسێك داوای گۆڕین یان ڕاستکردنەوەی بۆ نموونە بڕیارێك بکات کە لە لایەن کاربەدەستانەوە بۆی دەرکراوە.

**valitus – : ئیعتیراز، داوای پیاچوونەوە**

ئیعتیراز واتە داوای ڕاستکردنەوە ، واتە کەسیك ئیعتیراز لە بڕیارێکی کاربەدەستان دەگرێت کە لێی ناڕازییە .

*ئیعتیراز دەبێت بە نوسراو پێشکەش بکرێت.*

**valitusoikeus – : مافی ئیعتیراز**

مافی ئیعتیراز واتا کەسیك مافی ئەوەی هەیە کە داوا بکات ئەو بڕیارەی کە بۆی دەرکراوە و لێی ناڕازییە گۆڕانکاریی تیا بکرێت.

**VELVOLLISUUS – : ئەرکی سەرشان، واجب**

ئەرکی سەرشان شتێکە یان کردەوەیەکە کە پێویستە ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی کە لە یاسادا دیاریکراوە.

*لە فینلەندا ئەرکی گشتیی خزمەتی سەربازی هەیە ، واتا هەموو ئەو پیاوانەی کە تەمەنیان لە نێوان١٨-٦٠ ساڵ دایە دەبێت بەشداری بکەن لە پارێزگاریکردن لە وڵاتی فینلەندا .*

**VERO – : باج، زەکات، زەڕیبە**

باج ئەو پارە ئیجبارییە یە کە دەوڵەت یان شارەوانی کۆی دەکاتەوە . هەموو کەسێك لە مووچەکەی یان داهاتەکانی تری بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی باجی لێ دەسەندرێت.بەڵام هەندێك جۆری داهات هەیە کە باجی لێ نابڕدرێت .بۆنموونە لە پارەی یارمەتیی کەمئەندامان پێویست ناکات باج بدرێت.

**verovähennys – : کەمکردنەوەی باج**

کەمکردنەوەی باج ئەوە دەگەیەنێت کە کەسێك ڕێژەیەکی کەمتر لە ڕێژە ئاساییەکە باج بدات .بۆ ئەوەش چەند مەرجێك هەیە ، هەر کەسیك ئەو مەرجانەی تیا هەبێت کەمکردنەوەی باجی پێ ڕەوا دەبینرێت.

*ئەگەر کەسیك قەرزی خانووی هەبێت و خۆی لە ناوخانووەکە دانیشتبێت، دەتوانێت لە باجداندا داوی کەمکردنەوەی باج بکات لە فایزی قەرزەکە .*

**VERTAISTUKI – : یارمەتیی هاوتایی**

مەبەست لە یارمەتیی هاوتایی ئەوەیە کە کەسێك یان خێزانێك لە کەسێکی تر یان لە خێزانێکی تر یان لە کۆمەڵە خەڵکێکی ترەوە کە بە هەمان شێوە تەجروبەی ئەوبارودۆخەی ژیانیان بینیوە یارمەتی بدرێت.

**VIITTOMAKIELI – : زمانی ئیشارەت**

زمانی ئیشارەت ئەو زمانەیە کە بە ئیشارەت و هێماکانی دەست و پەنجە قسەی پێ دەکرێت .ئەو زمانە بەشێوەیەکی گشتی نابیستەکان بەکاری دەهێنن، واتە ئەو کەسانەی کە قسە نابیستن.

**VIRANOMAINEN – : لایەنی فەرمی**

لایەنی فەرمی ئەو دەزگایەیە یان ئەو فەرمانگەیەیە کە کاروباری حکومەت یان شارەوانی بەڕێوەدەبات . *دەزگای خانەنشینی نیشتیمانی واتە -کێلا لایەنێکی فەرمیە*.

**VÄKIVALTA – : توندوتیژی**

توندوتیژی ئەوەیە کە کەسێکی تر لە ڕووی دەروونیەوە یان لەڕووی بەدەنیەوە ئازار بدرێت.

**henkinen väkivalta – : توندوتیژیی دەروونی**

توندوتیژیی دەروونی ئەوەیە کە کەسێکی تر بێ نرخ بکرێت، سووکایەتی پێ بکرێت یان بوختانی پێ بکرێت .

بۆنموونە جوێندان بە کەسێکی تر توندوتیژیی دەروونیە.

هەروەها ئەوەش توندوتیژیی دەروونیە کە هەڕەشەی بەدەنی لە کەسێکی تر بکرێت.

**fyysinen väkivalta – : توندوتیژیی بەدەنی**

توندوتیژیی بەدەنی ئەوەیە کە کەسێکی تر لە ڕووی بەدەنیەوە ئازار بدرێت.

**lähisuhdeväkivalta – : توندوتیژیی کەسوکار**

توندوتیژیی کەسوکار مانای ئەوەیە کە کەسێك لەناوخێزانەکەدا ڕەفتاری توندوتیژی دەرهەق بە ئەندامێکی تری خێزانەکە ئەنجام بدات.

**parisuhdeväkivalta – : توندوتیژیی پەیوەندیی هاوسەری**

توندوتیژیی پەیوەندیی هاوسەری ئەوەیە کە هاوسەرێك ڕەفتاری توندوتیژی دەرهەق بە هاوسەرەکەی بکات.

**YHDENVERTAISUUS – : هاوسەنگی، یەکسانی**

هاوسەنگی ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو خەڵکی لە ڕووی بەهای کۆمەڵایەتیەوە یەکسانن و هەمان مافیان لە ژیاندا هەیە.

*مرۆڤ هەموویان لەبەردەم یاسا هاوسەنگن واتا دەبێت بەیەك شێوە ڕەفتار لەگەڵ هەموو کەسێك بکرێت.*

**YHTEISKUNTA – : کۆمەڵگا**

کۆمەڵگا بریتیە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی، کە بۆی هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت وەکو فینلەندا . لە کۆمەڵگادا مرۆڤ دەژین و لەناو ئەوەدا چەندین کۆمەڵە خەڵك هەیە کە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە . لە کۆمەڵگادا چەندین ڕێساو ئامانجی دیاریکراو هەیە کە بەپێی ئەوانە هەڵسوکەوت دەکرێت .لە کۆمەڵگای فینلەندیدا ئەوخزمەتانەی کە پێشکەش دەکرێن خەرجیەکانی لە پارەی کۆکراوەی باج سەرف دەکرێت.